# ئایندەی کەرکوك

## نەخشە رێگایەك بۆ چارەسەری پرسی پارێزگاکە

**ڕاپۆرتی سیاسی**

**ئەیلول ٢٠١٥**

**ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە**

جگە لەو شوێنانەی کە ئاماژەیان پێکراوە، بیروبۆچوونەکانی ئەو ڕاپۆرتە ڕەنگدانەوەی بیروڕای ئینستیتیوتی مێری نیە. پێویستە ئاماژەی تەواو بە ئینستیتیوتی مێری بکرێت لەکاتی بەکارهێنانی هەربەشێکی ئەو ڕاپۆرتە.

# سەرەتا

ئەو ڕاپۆرتە بەرهەمی کاری توێژینەوەی ئینستیتیوتی مێریە کە بەدرێژایی دوانزە مانگی ڕابردوو لەگەڵ کاراکتەرە ناوخۆییەکانی کەرکوک و لایەنە پەیوەندییدارەکانی دیکە ئەنجامی داوە، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ لەیەکتر نزیککردنەوەی ڕوانگەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی سەردەمییانە بەئاراستەی چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک، ئەو پرسەی کە دەمێکە گەیشتووەتە بنبەست. پێکهاتە جیاوازەکانی شاری کەرکوک کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە مانەوەی بارودۆخی ئێستای ئەو شارە وەک خۆی، چارەسەر نیە و پێویستە دەست بە پرۆسەیەکی سیاسی نوێ دەست پێ بکرێت.

هیواداریـن ئەو ڕاپۆرتە وەک چوارچێوەیەکی کارلەسەرکردن (ورقة عمل) کاری پێبکرێت و بکرێتە سەرەتایەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئایندەی کەرکوک. پێویستە نوێنەرە سیاسییە سەرەکییەکانی کەرکوک پرۆژەیەکی سیاسی نوێ بگرنەبەر چونکە لەکۆتاییدا ئەوانن کە ئایندەی کەرکوک وێنا دەکەن. لەخۆگرتنی ئاراستەیەکی هاوبەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسی و ئەمنی ناو پارێزگایەکە و بۆ ڕێگرتن لە هەر ئەگەرێکی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە داهاتوودا.هاوکات دەبێتە هۆی گورپێدانی چارەسەر بۆ گشت پرسە سیاسییەکان لە سەرتاپای عێراقدا.

بەرپرسیاریەتی پرسی کەرکوک کەوتۆتە ئەستۆی سەرکردەکانی کەرکوک، بۆیە دەبێت هەر خۆیان ئەو پرسە بێننە پێشەوە. ئەوەش بەلەخۆگرتنی ڕێکارەکانی دروستکردنی متمانە و لەڕێگەی پەیڕەوکردنی ئاستێکی باشتری پەیوەندی کردن و لۆبیکردن لە نێوان لایەنە پەیوەندییدارەکان دێتەکایەوە. پێویستە ئامانج لە ئەنجامدانی هەریەک لەمانە بەدەستهێنانی چارەسەرێکی ئاشتیانە بێت بۆ پرسی کەرکوک. ئەگەر چارەسەری ئەو پرسە گرنگە لە پارێزگاکەوە سەرچاوەبگرێت، ئەوا ئاستی ویستی سیاسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە بەرزتر دەبێت و چارەسەرەکەش هێز و قورسایی زیاتری دەبێت و بە قازانجی گشت لایەک دەشکێتەوە.

ئەو پرۆژەی توێژینەوەیە بەپشتبەستن بە بودجەی ئینستیتیوتی مێری ئەنجامدراوە. لێرەدا، ئینستیتیوتی مێری سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکات کە ڕازی بوون چاوپێکەوتن و دیداریان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت و کاتی بەنرخی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، وە ڕازی بوون زانیاری و شیکار و ئامۆژگاری پێشکەش بکەن. هەروەها ئینستیتیوتی مێری سوپاسی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەکات بۆ هاوکاری کردن و میوانداریتی لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەو ڕاپۆرتە، وە سوپاسی ستافی ئینستیتیوت دەکات بۆ کاری بێ وچان و خۆنەویستیان لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکان و دواتر بەرهەمهێنانی ئەو ڕاپۆرتە.

# ناوەڕۆک


**١. پێشەکی** ........ ٨
**٢. کەرکوک: مێژوویەکی پڕ لە تەنگژە** ........ ١١
گۆڕانکاریەکانی سنووری کارگێڕی کەرکوک ........ ١٢
گۆڕینی دیموگرافی ........ ١٢
سەرهەڵدانی گرژییەکان ........ ١٤
**٣. کەرکوک لە دوای کەوتنی موسڵ** ........ ١٦
سنووری نوێ ........ ١٧
ئاوارەکان ........ ٢٠
هەولێر و بەغدا ........ ٢٢
**٤. ماددەی ١٤٠: گرفتەکانی جێبەجێکردن** ........ ٢٤
ئاساییکردنەوە ........ ٢٤
کێشەی خاوەندارێتی زەویوزار ........ ٢٦
سنووری ئیداری شاری کەرکوک ........ ٢٧
سەرژمێری و مافی بەشداربوون لە دەنگدان ........ ٢٨
ڕیفراندۆم ........ ٣١
سنووری ئیداری دەنگدان ........ ٣١
**٥. تێڕوانینی پێکهاتەکان و ڕێگاچارەکان** ........ ٣٣
ڕوانگەی پێکهاتەی عەرەبی ........ ٣٥
ڕوانگەی پێکهاتەی تورکمان ........ ٣٧
ڕوانگەی پێکهاتەی کورد ........ ٣٩
**٦. دەرئەنجام** ........ ٤١
**٧. چوارچێوەی چارەسەریەکان و ڕاسپاردەکان** ........ ٤٣
**پاشکۆکان** ........ ٥١
پاشکۆی (ا): ماددەی (١٤٠) لە دەستووری عێراقی فیدراڵ ٢٠٠٥ ........ ٥١
پاشکۆی (ب): ماددەی (٥٨) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە ........ ٥١
پاشکۆی (ج): لیستی ئەو بەڕێزانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە ........ ٥٣

# ١. پێشەکی

دەمێکە زانراوە کە عێراق وڵاتی کۆمەڵێک کێشەی ئاڵۆز و دینامیکیە. یەکێک لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکان بریتیە لە ناکۆکی لەسەر شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت. سەرەڕای پەیڕەوکردنی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥ و چەندین ڕێکەوتنامەی سیاسی تر، کەچی پرسی کەرکوک هێشتا بەردەوامە و بەبێ چارەسەر ماوەتەوە.

ڕووداوەکانی پارساڵیش، بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی لەناکاوی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی ئاسایشی لە زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکان، بارودۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە کە بووە هۆی ئاوەژوو کردنەوەی هاوکێشە سیاسی و ئاسایشی و ئیداریەکان لەو پارێزگایە. چارەسەکردنی پرسی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان بە یەکێک لە پرسە هەرە ئاڵۆز و درێژخایەنەکان ماوەتەوە سەرباری ئەوەی چەندین ستراتیژی و نەخشەڕێگا لەلایەن دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە پێشکەشکراون.

بەڵام، لەدوای ڕوودانی ئەو گۆڕانکاریە مەزن و بنەڕەتیانەی کە لە ساڵی ٢٠١٤ لەسەر ئاستی ئاسایشی و سیاسی عێراق روویانداوە، دۆزینەوەی دەرفەت بۆ دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک بە شێوازێک کە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە پێویست و گرنگە. هەڵبەتە گوێگرتن و تێگەیشتنی بیروبۆچوون و ڕوانگەی پێکهاتەکانی نێو کەرکوک زۆر گرنگن، چونکە هەر چارەسەرێک هەڵقوڵاوی نێو خەڵکی کەرکوک بێت زۆر کاریگەرتر دەبێ بۆ بەرجەستەکردنی جۆرە چارەسەرێک کە ئارامی و سەقامگیری بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە بێنێتە کایەوە. بێگومان دیراسەتکردنی ئەو ڕەهەندانە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتیانە و ڕەخنەگرانەی پرسی کەرکوک و دەستنیشانکردنی چارەسەری سیاسی شیاو.

هەرچەند شیکردنەوەی ڕێچکە مێژووییەکانی کێشەی کەرکوک ئامانجی ئەو ڕاپۆرتە نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بە چەند فاکتەرێکی گرنگی مێژوویی بکرێت، چونکە مێژوو ڕۆڵێکی کاریگەری لە دروستکردنی بۆچوونی جیاواز لەلایەن کاراکتەرە سیاسیە جیاوازەکانەوە هەبووە، بە شێوازێک کە ئیمڕۆ ئەو بۆچوونانە بوونەتە ناسنامەی لایەنە هەمەجۆرەکان و سەرچاوەی جیاوازیەکان، ئەوەش بە زەقی لە ڕووداوەکانی دوای کەوتنی موسل دەرکەوتوون. لەوانەیە ئەو ڕووداوە بێ هاوشێوانە چارەنووسی شاری کەرکوکیان گۆڕیبێت و چەندین ڕاستی تریان هێنابێتە کایەوە کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێت.

هاوکات ڕووداوەکان کێشەی کەرکوکیشیان دیسانەوە هێنایەوە بەرباس. بەڵام، بەهۆی گرژییەکان لە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، پێدەچێت کەرکوک وەک کەرەستەیەک لە دانوستانەکان بەکاربهێندرێت.

ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی میکانیزمێکی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک دەستنیشانکردوە. بەڵام، لەبەر لێڵ و ناڕوونی ئەو ماددەیە، دەکرێت بەئاسانی لێکدانەوەی جیاواز و پێچەوانەی بۆ بکرێت. سەرباری ئەوەش، ناکۆکی نێوان لایەنەکان لەسەر چەند بڕگەیەکی ماددەکە بووەتە هۆی گەیشتن بە بنبەست.

هەڵبەتە نەبوونی ویستێکی سیاسی ئەوتۆ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەردەوامبوونی کێشەکە، هەر بۆیە دە ساڵ دوای نوسینەوەی دەستوور، پرسی کەرکوک بە نەگۆڕی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دواوادەیەی لە ماددەی ١٤٠ ئاماژەی پێکراوە، واتە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧، بەسەر چووە، بەڵام دەکرێت ئەو ماددەیە وەک بنەمایەک بۆ داڕێژتنی چوارچێوەیەکی نوێی چارەسەر کاری پێ بکرێت.

بێگومان ویستی (ئیرادەی) سیاسی و ئامادەیی سەرجەم لایەنەکان بۆ سازشکردن، بە تایبەتی لەلایەن کارەکتەرە لۆکالیەکانی شاری کەرکوکەوە، نهێنی سەرکەوتنی هەر چارەسەرێکە بۆ پرسە گەورەکەی ئەو پارێزگایە. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو لایەنەکان درک بەو راستیە دەکەن کە پێویستە کێشەی کەرکوک چارسەر بکرێت، بەڵام لەو نێوەدا کەمترین ویستی سیاسی بەدی دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی. بە وتەی پیتەر بارتو "ئەوەی تەرکیزی لەسەرە هەتا ئێستا بەڕێوەبردنی شاری کەرکوکە نەک چارەسەرکردنی."[1]

درێژبوونەوەی باری ئێستای کەرکوک وەک ناوچەیەکی جێناکۆک دەرئەنجامی نوشستی لایەنە لۆکاڵیەکانی کەرکوکە بۆ پێشنیازکردنی ڕێگا چارەیەکی ئەڵتەرناتیڤ کە ڕەچاوی بەرژەوەندی سیاسی و کەلتووری هەموو لایەنەکان بکات. تەنیا بە بەرجەستەکردنی بەرژەوندی تێکڕای لایەنەکان لە هەر نەخشەڕێگایەکدا ئەگەری سەرهەڵدانی چارەسەری نوێ و واقیعی بۆ پرسی کەرکوک دەردەکەوێ.

١- بارتو، پی. (٢٠١٠). ململانێ لەگەڵ یەکپارچەیی دەوڵەتێک: سنووره ناکۆکی لەسەره ناوخۆییەکانی عێراق، کاروباری نێودەوڵەتی، ٨٦ (٦)، ١٣٢٩-١٣٤٣، لاپەڕە ١٢٤٣.

دیارە کە تاوەکو ڕێکەوتنێکی سیاسی نەدۆزرێتەوە سەقامگیری لە کەرکوک نایەتە دی، وە هەر هەنگاوێک لە داهاتوودا بۆ شەرعیەتدان بە پرۆسەکە پێویستی بە کۆدەنگی سیاسی دەبێ. جێی ئاماژە پێکردنە کە تاوەکو ئێستا کاراکتەرە سیاسیەکان تەرکیزیان نەکردۆتە سەر دۆزینەوەی چارەسەر، بەڵکو کۆڵیان داوە و دۆخەکەش گەیشتووەتە بنبەست.

ئەو ڕاپۆرتە پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات کە دواخستنی پرسی کەرکوک کێشەی زیاتر دەخوڵقێنێت، بە ئاستێک کەوا ڕەنگە دواتر گەیشتن بە چارەسەر ئەستەم بێت. خۆ لە چەندین کەیسی هاوشێوەی کەرکوک لە جیهاندا هەست بەو ڕاستیە کراوە کە لە کاتی سەرهەلدانی ململانی و ناکۆکی، باشتر وایە کە چارسەرکردن دوانەخرێت، بەڵکو بە لانی کەم پێویستە میکانیزمی چارسەرکردن دەستنیشان بکرێت.[٢] بەو پێیە، پێویستە ئەو پرسانەی پەیوەستن بە چارەنووسی شاری کەرکوک بە زوویی یەکلایی بکرێنەوە، بە تایبەتی ئەگەر ویستی بەرەوپێشچوون بە ئاراستەی گەیشتن بە ڕیفراندۆم و جێبەجێکردنی دەرئەنجامەکانی بەدی کرا. هەڵبەتە ئەوەش پێویستی بەوەیە کە لایەنە لۆکاڵیەکان ڕابەرایەتی لە پرۆسەی یەکتر بەشداری پێکردن بکەن، ئەویش لەڕێی دەستپێشخەری کرداری، وە لەسەر بنەمای سازان و ئاشتەوایی بە جۆرێک کەوا بنەمای چارەسەری درێژ خایەن بنیات بنرێت.

٢- هانویر، ئێڵ. و میلیر، ئێڵ.، ئی. (٢٠١٢). "چارەسەرکردنی کەرکوك: وانەکانی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان لەسەر زەویوزار"، ڕاند، لاپەڕە ٥٤.

٢- سەبارەت بەو کەسانەی گوێزراونەتەوە بۆ ناوچە و شوێنی دیاریکراو و دەبێت حکومەت بریاریان لە بارەوە بدات بە پێی ماددەی ١٠ قانونی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکیەتی زەویوزار، بۆ ئەوەی گەرەنتی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنیان، یا گەرەنتی وەرگرتنی قەرەبوو لە حکومەت، یا وەرگرتنی زەویوزاری نوێ لە دەوڵەت لە نزیک شوێنی نیشتجێبوونیان لەو پارێزگانەی لێوەی هاتوون، یا وەرگرتنی قەرەبووی تێچووی گەرانەوەیان بۆ ئەو شوێنانە.

٣- سەبارەت بەوانەشی بە مەبەستی ناچارکردنیان بۆ کۆچکردن لە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە ناوچە و سەرزەمینەکانی خۆیان و بێبەشکران لە دامەزراندن و هۆیەکانی ژیان، پێویستە حکومەت هانی پەیداکردنی دەرفەتی کاری نوێیان بۆ بدات لەو ناوچە و سەرزەمینانە.

٤- لە بارەی ڕاستکردنەوەی باری نەتەوەییشەوە پێویستە حکومەت هەموو ئەو بریارانەی پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە هەڵبوەشێنێتەوە و ڕێگە و ماف بە کەسانی زەرەرمەند بدات بەبێ هیچ فشار و ناچارکردنێک ئازادانە بریار لە سەر ناسنامەی نیشتمانی و رەگەزی خۆیان بدەن.

ب) رژێمی پێشوو هەروەها دەستکاری سنووره کارگێری و کاری دیکەشی کردووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی، پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی و حکومەتی عێراقی قۆناغی گواستنەوە راسپاردەی پێویست پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە نادادوەرییانە، ئەگەر سەرۆکایەتی کۆمار نەیتوانی یەکدەنگیی بەدەست بێنێ لە سەر کۆی ئەو راسپاردانە، پێویستە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە سازان حەکەمێکی بێلایەن دیاری بکات بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر پرسەکە و پێکەشکردنی راسپاردەی پێویست، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لە بارەی دەستنیشانکردنی حەکەمەوە هاورا بێت، ئەوا دەبێت ئەنجومەنی سەرۆکایەتی داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی رێزلێنراو دیاری بکات بۆ ئەوەی رۆڵی حەکەم لەم پرسەدا ببینێت.

ج) چارەسەری کۆتایی لە بارەی ناوچە و سەرزەمینە کێشە لەسەرەکان بە کەرکوکیشەوە دوادەخرێت تا تەواوکردنی ئەو رێکارانەی سەرەوە، و ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی دادپەروەرانە و شەفافی دانیشتوان و دەنگدان لە سەر دەستووری هەمیشەیی، پێویستە ئەو چارەسەرکردنە بە شێوەیەک ئەنجام بدرێت کە لە گەڵ بنەماکانی دادپەروەریدا هاوئاهەنگ بێت و خواستی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە بەر چاو بگرێت.

## پاشکۆی (ج): لیستی ئەو بەڕێزانەی دیمانەیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە

ئازاد جەباری: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
ئاوات محمەد ئەمین: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
ئیبراهیم خەلیل: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
ئیدوار ئۆرهان: یاریدەدەری پارێزگای کەرکوک بۆ کاروباری کارگێڕی
ئەحمەد عەزیز: سەرۆکی ژۆری ناوچەدابڕاوەکان
ئەمین شوانی: شارەزا و مێژوناس
ئەیهان کەمال محەمەد: ئەندامی سەرکردایەتی پارتی تورکمەن ئیلی
تۆڕهان ئەلموفتی : ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراقی و وەزیری پێشوو لە حکومەتی عێراق
تەحسین کەهیە: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
جەلال جەوهەر: ڕێکخەری ژووری حکومەت و پەرلەمانی بزوتنەوەی گۆڕان
حەسەن تۆڕان: ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ جێگری سەرۆکی بەرەی تورکمانی
خالد شوانی: وتەبێژی سەرۆک کۆماری عێراق/ ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
سامی ڕفعەت بەختی: ئەندامی ئەنجومەنی قەزای داقوق
سدیق کاکەڕەش: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
سلفانا بۆیە: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
سەعدی پیرە: ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
شاخەوان عەبدوڵا: ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
شێخ جەعفەر: ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
عارف قوربانی: ڕۆژنامەنوس و شارەزا
عیماد ئەحمەد: ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
عەبدولرەحمان سدیق: وەزیری پێشوی ژینگە لە بەغدا
عەبدولرەحمان مونشد ئەلعا×: ئەندامی ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی
عەدنان قادر زەنگنە: سەرۆکی بەشی زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی کەرکوک
عەلی مەهدی سدیق: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک
عەمار ئەلحەکیم: سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی
فازل میرانی: ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
لەتیف فاتح فەرەج: سەرۆکی ئۆفیسی پەرلەمانی کوردستان/ کەرکوک
محەمەد ئیحسان: سەرۆکی پێشوی دەستەی ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان

